# کۆمەڵێک لە کوردانی چالاکی هۆڵەندا بوونە خاوەنی خەڵاتی زێڕینی نێودەوڵەتی (العنقاء)

ساسان دەرویش



لیژنەی بەخشینی خەڵاتی زێڕینی نێودەوڵەتی ملوانکەی (العنقاء) ی گەڕۆک، لە سێهەمین ئاهەنگ و مەراسیمێکی جەماوەریدا، کە دواتریان رۆژی 27-01-2012 لە شاری لاهای مەراسیمی ئاهەنگی خولی سێهەمین ساڵەی دابەش کردنی خەڵاتەکەیان ساز کرد.

بە نیازن ساڵانە ئەم خەڵاتە دابەش بکەن بەسەر چالاکوانانی تاراوگە بۆ هەموو داهێنەران بە هەموو بەشە جیاوازەکانەوە لە بواری ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی و هونەر و پسپۆڕی ئەکادیمی و بیریاران و چالاکوانانی کۆمەڵگای مەدەنی، لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەت بە هەڵبژادنی کاندیدەکان و پاڵێوراوەکان کە لە ڕێگای ڕێکخراوەکانەوە پێشنیار دەکرێن بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەیان.

خۆش بەختانەش ئەمساڵ لەم ڤیستیڤاڵە دا کۆمەڵێک لە کوردانی چالاکی تاراوگە لە هۆڵەندا لەلایەن لیژنەی بەخشینی خەڵاتی زێڕینی نێودەوڵەتی ملوانکەی (العنقاء)ی گەڕۆکەوە، ئەم ساڵ ئەوخەڵاتەیان پێ بەخشرا، ئەمەش لە ئاکامی دڵسۆزی و بەخششی هەریەکێ لە ئەندامانی پاڵیورا و بوو بۆ وەرگرتنی ئەوخەڵاتەکە، کە شەونخونی دەکەن لەسەر خستنی دۆزی ڕەوای گەلەکەیان کە کورد و کوردستانە بە

پێشکەش کردن و بەشداری سەدان چالاکی جۆراو جۆر و هەمەچەشنە بوون لە تاراوگە کە بۆتە سەرنجی دۆستانمان و زیاتر نیشاندانی ناسنامەی نەتەوەیی.



بۆ بەڕێوەبردن و ئامادەکاری ڕێوڕەسمی ڤیستیڤاڵی خەڵاتی ئەمساڵیش، پڕۆفیسۆر دکتۆر تەیسر ئالوسی سەرۆکی زانکۆی( ئین ڕوشد) لە هۆڵەندا بە ناوی دەزگای خەڵاتی (العنقاء) ی زێڕین، لە شاری لاهای هۆڵەندا، لە نێو ئامادەبوانێکی زۆری بەرچاوی کورد و عەرەبی دانیشتوی هۆڵەندا، خەڵاتەکانی بەسەر هەڵبژێردراوەکاندا دابەشکرد .

کەسایەتیە کوردەکان پێک هاتبوون لەم بەڕێزانە...

– سەردار فەتاح ئەمین نوسەر و ڕۆژنامەنووس، چالاکوان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، سەرپەرشتیاری یانەی کوردی "میدیـا"ی ئەمستردام.

– هونەرمەندی مۆسیقی مامۆستا نامدار قەرەداغی

– نوسەر و ئەندازیاری ڕاویژکاری نیهاد قازی،

– نوسەر ئەندازیار چالاکوانی لە بواری مافی مرۆڤ دکتۆر جەمیل عەبدولرحمان شەرەف،

– نوسەر و توێژەر نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا،

– هونەرمەندی شێوەکار خاتوو ئیمان عەلی،



– سەرەتای مەراسیمەکەش بە ووتاری بەخێرهاتن لەلایەن بەڕێوەبەری ڤیستیڤاڵەکەوە دەستی پێکرد و پاشان ووتاری سەرۆکی دەزگای (العنقاء)، محەمەد ڕەشید، کە لە ئیماراتەوە نێردرابوو خوێندرایەوە و دوا تر ووتاری باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا خوێندرایەوە، ئا بەم شێوەیە لە نێو شادمانێکی زۆر و

شانازی بۆ کورد و کەسایەتیەکانی و بەخشینی گوڵ لەلایەن ئامادەبوان بۆ براوەکان هەموو مەراسیمەکەش چەند کاژمێرێکی خایاند و زۆر سەرکەوتووانە کۆتایی هات .



– بۆ زیاتر ئاشنابوون و زانیاری گرنگ، دەربارەی ئەو خەڵاتە بەڕێز سەردار فەتاح ئەمین لە ناو هەڵبژێردراوە کوردەکاندا بوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە بۆ ئەم مەبەستە چەند ساتێک دواندم هیوادارم ببێتە هاندەرێک بۆ ساڵی ئاینده کە کۆمەڵیکی زیاتر لە کوڕان وکچانی بەهرەمەندی کورد لە هەموو بوارەکاندا ئەم خەڵاتەیان بەرکەوێت ...

پ/ دەکرێ پێمان بڵێت گرنگی ئەم خەڵاتە و پانتای لە نێودەوڵەتی دا چی یە و بۆ ئەم خەڵاتە دابەش دەکەن ؟

لەڕاستیدا لە ناو کلتوری ئێمەدا خەڵات کردن دەستخۆشی لێ کردن نەبووە بە باو، خوالێخۆش بوو مامۆستا نەجمەدین مەلا دەفەرموێ، ئێمە میللەتێکی زیندوو کوژی مردوو پەرستین، بەداخەوە ئێمە زۆر

کەڵە ژن و کەڵە پیاوی ئەوتۆمان هەن تا لە ژیاندا ماون شایانی ڕێز لێنان و بەسەرکردنەوەن، بەڵام بەداخەوە، خەون و خۆزگەکانیان ئەبەنە گڵەوە.



لە ناو گەلانی ڕۆژئاوادا، خەڵاتکردن بۆتە نەریتێکی پۆزەتیف، ئەو نەریتە لە مێژە پەیڕەو دەکرێ، بۆ هەموو کارێک خەڵات و ڕێزلێنان دیاری کراوە، جێگەی دڵ خۆشیە خەریکە لە ناو ئێمەشدا ئەم نەریتە چەکەرە دەکات.

ئێمە لە ڕێکخراوی "میدیـــا" لە ساڵانی پێشوودا و لە چەند بوارێکی دیاری کراودا، بە سادەیی ئەم هەنگاوەمان نا، ڕێزمان لە بەڕێزان مامۆستا حسێن عارف و دکتۆر جەمیل شەرەف و حەمە ڕەشید هەرەس نا، بە دیاریەکی بچوکی ڕەمزی تایبەت، بەڵام بەداخەوە بەردەوام نەبووین لەبەر هەندێ هۆکار.

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی بەندەش بۆ ئەم خەڵاتەی دەزگای (العنقاء)، جێگەی خۆشحاڵی و شانازیمە و سوپاسی ئەو کەس و لایەنانە ئەکەم کە دەستنیشانیان کردم، بەڵام ڕاستت دەوێ، من خۆم زۆر سوور بووم لەسەر ئەوەی، کەسانی دیکە لە ناو گەلەکەمدا هەن لەمن لە پێشترن پێویستە ناویان

بدرێ و شایانی ئەم جۆرە خەڵاتەن، من نەمویست خەڵاتەکە ڕەت بکەمەوە و کەسانی دیکەم پێشنیار کرد لە جیاتی من خەڵاتەکەیان پێ ببەخشرێت، ئەگینا من لە ژیانمدا هەرگیز هیچ کارێکم بۆ بەخشش و خەڵات و ملوانکەی زێڕین، نەکردووە و هیچ هەنگاوێکیشم بۆ پلە و پایە و ئیمتیازات نە ناوە، ئەوەی لە ژیانمدا بیرم لێ نەکردبێتەوە ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان خەڵات بکرێم، ئەوەشی کردوومە زۆر متەوازیعانە ئەیڵێم ئەرکێکی بچوکی سەرشانمە، ئەگەر توانیبێتم جێبەجێم کردبێت، شانازی پێوە ئەکەم.

سەبارەت بە پرسیارەکەی بەڕێزیشتان، بەم شێوەیە وەڵامتان ئەدەمەوە، من سوپاست ئەکەم کە منتان بۆ ئەم لێدوانە خۆێندەوە، چونکە ڕاگەیاندنە کوردیەکان و مێدیای ئێمە لە ئاست ئەم هەواڵە قڕوقەپ و بێدەنگیان لێ کرد، تەنانەت لە یەکێک لە سایتە کوردیەکاندا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەی ئێمەدا وێنەی منالانی ئەفەریقایان دابەزاندبوو، ئەوەش جێگەی پێکەنین بوو، من هیچ ملونکەیەک و خودی خەڵاتەکەم هێندە پێ گرنگ نییە، بە قەدەر پێزانین و نرخاندنی ماندوو بوون و هەست بە دڵسۆزی کردنی خەڵکانی تر لە هەموو کارکردنێکدا، ڕەنگە ئەم خەڵاتە لە نێو پانتایی نێودەوڵەتیشدا، هێندە ناسراو و گرنگ نەبێت، بەڵکو لە لایەن برا عەرەبە عێراقیەکانمانەوە و بە لای خۆشمەوە خوێندنەوەیەکی گرنگە و شیاوە لە لایەن ئەو بەڕێزانەی ئەم خەڵاتەیان داهێناوە و هەست بە بوونی کورد کردن و ئەم دەستەیەیە کە خەڵاتەکەیان پێ بەخشرا، ئەیسەلمێنی کەسانێک هەن بەردەوامن لە بەخشش و ماندوو بوون و وەکو ئەو باڵندە ئەفسانییە (العنقاء) بە تیشکی خۆر دەسوتێن و جارێکی دیکە لە خۆڵەمێشەکەی خۆیان دروست ئەبنەوە.

دەربارەی ئەو دەزگایە و ڕابردوویی و مێژووی ئەم خەڵاتە و کێن ئەوانەی پێیان بەخشراوە..؟

ئەوەی من بیزانم بیرۆکەی ئەم خەڵاتە، چیرۆک نوسێکی عێراقی خەڵکی شاری عەمارەی باشوری عێراق موحەمەد ڕەشید دایمەزراندووە، وەک خۆی ئەڵێت هەرگیز بڕوای بە چەک و توندوتیژی نەبووە و یەک

فیشەکی لە ژیانیدا نەتەقاندووە، هەرچەندە وڵاتەکەی چەندین ساڵ جەنگی بەسەر گەلی کورد و هەشت ساڵ بەسەر ئێرانی دراوسێ و پاشان بەسەر وڵاتی کوێتی برادا سەپاندبوو.

ڤیستفاڵی زێڕینی نێودەوڵەتی ملوانکەی (العنقاء)ی گەڕۆک، دووروودرێژترین فیستڤاڵە لە دنیادا و هەرگیز کۆتایی نایەت و ئەزموونێکی نایابە لە دنیای ڕۆشنبیریدا، جێگەی شانازیە بەدەستی ڕۆڵەیەکی وڵاتی نێوان(دوو دەریا) داهێنراوە.

ئەم خەڵاتە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2003 ەوە پاش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق دامەزراوە و تا ئێستا سێ خولی بەسەردا تێپەڕیووە، خولی یەکەم تا 2007 ی خایاند و خولی دووەم لە ساڵی 2008 تا ساڵی 2011 و خولی سێهەمیش لەم ساڵەوە دەستی پێکردووە، لە نێوانیاندا کۆمەڵێکی زۆر لە نوسەران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان لە هۆڵەندا ئەم خەڵاتەیان پێ بەخشراوە.

ئەم خەڵاتە لە نێوان گەلێک لە پایتەخت و وڵاتانی عەرەبی و دنیادا گەڕۆک بووە و ئەسوڕێتەوە و ڕۆڵەکانی خۆی ئەدۆزێتەوە و بەسەریان ئەکاتەوە، خەڵاتیان ئەکات.

خەڵاتەکانی ئەم دەزگایە تەنها هێمایەکی ڕۆشنبیری و هونەریە و بەس... نرخێکی مەعنەوی هەیە نەک ماددی. مانای وشەی (العنقاء) ئەو باڵندە ئەفسانەییەی کە لە خۆڵەمێشکەی خۆیەوە پاش سوتاندنی دروست ئەبێتەوە، بەرامبەرەکەی بە (الفینیق) دێت، ڕەمزی نەمری و تازەبوونەوەیە، وڵاتی نێوان (دوو دەریا) لە کۆنەوە لە سەردەمی هۆلاکۆ و جەنگیزخانەوە تووشی کارەسات و نەهامەتی ماڵ وێرانی بووە تا سەردەمی رژێمی پێشوو، بەڵام ڕۆڵەی لێهاتووی تێدا هەڵکەوتووە.

لە گرنگترین ئەو کەسایەتیە جیهانی و عەرەبی عیراقیانەی ئەم خەڵاتەیان پێ بەخشراوە، لە زیندوو کۆچکردووەکاندا، لە لەندەن شەکسپیر بۆ شانۆگەری، لە لاهای هونەرمەندی شێوەکاری جیهانی ڤانخۆخ، ئەنکرید رولیما، لوسیان ئەملسفۆر، هونەرمەندی دەنگ خۆش فەریدە، بەیدەر بەصري و

موسيقار حەميد بەصري وهونەرمەند شەوقية عەطار و نوسەر جاسم المطير و لە تونس بچوك ترين نوسەر سەمەر ئەلمەزغەني و ئنستويتی عەرەبی بۆ مافی مرۆڤ لە قاهيره هونەرمەند سەميحة ئەيوب و موسيقار نەصير شەمە و دكتور طه حسين و ئەديب ئەمل دەنقل، لە بيروت تم هونەرمەند سەحر طه و زانا دكتور عبد الحسين شعبان هونەرمەندی شێوەكار دكتور عمران القيسي و لە ديمەشق سعد الله ونوس وهونەرمەند أيمن زيدان شاعيری عێراقی مظفر النواب ورۆمان نوس فؤاد التكرلي لە عەمان ڕۆمانوس بتول الخضيري و دكتورة أماني قنديل (مافی مرۆڤ) لە تاران مافناس شيرين عبادي ورۆمانوس محمود دوڵەت آبادي لە توركی ڕۆمانوسی بە ڕەگەز كورد يەشار كەمال ورۆژنامەوان فاضل مجيد لە عێراق جەواهيري و ڕەخنەگر عادل هاشمي و فەيلەسوفی چينی لين يوتانگ ورۆمانوسی ئەميركي هيرمان ميلفلو ڕۆمانوسی روسي جەنگيز ئيتماتوف و رۆمانوس عبدولرەحمان مونيف و موسيقاری لوبناني عاصي ئەلرەحباني و لەم دواييەدا لە دەوحە خەڵات بە سوعادة موبارەک بن ناصر ئالخەليفة و شاعيرەی لوبناني حەنان بەديع و نوسەری عێراقي دكتۆر باسم ئەلياسري و لە كوردەكان شێركۆ بێكەس و ڕەووف بێگەرد و ڤينۆس فايەق بەخشراوە.